www.kurdistannet.org
12-5-2003 21:10

# ئەمساڵ لە ڕۆژهەڵات، ساڵی مار و ماسی و شت نیە، ساڵی هۆنەرە!

ح.س.سۆران

هەر وەک دەزانن، بە پێی ئەو تەقویمانەی کە هەمو ساڵێک چاپ و بڵاو دەبنەوە، هەرچەند ساڵ جارێک، ساڵی تایبەتی ژینەوەرێکە، بۆ وێنە ساڵێک دەڵێن ساڵی مارە، ساڵێک پێی دەڵێن ساڵی ماسی وساڵێک، ساڵی ...

بەڵام بە خۆشیەوە، ئەمساڵ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ساڵی هۆنەرە، نەک ساڵی جڕ و جانەوەر.

دڵنیام دەپرسن بەڵگەت بۆ ئەم قسەیە چیە ؟ کە ئێستا، لە خوارەوە، زۆر بە کورتی عەرزتان دەکەم :

هۆنەرانی جیهان کە بە زمانی بدوێنی گەلیان دەزانن، بە تایبەت هۆنەرە کوردە کان، لە خەمخانەی مێژودا، فەقەت خاوەنی دارایی واتایی بوون، نەک خاوەنی پارە، پللە، ئاسوودەیی و شتی وا، هەر لەبەر ئەمەیە دەڵێم، هۆنراوەی زوربەی هۆنەرانی ڕاستەقینەی دنیا، فرمێسکی ڕۆحی خۆیان و گەلەکەیانە، کە لە حەیبەت ژانی ژیان ڕشتویانە. بۆ وێنە ماموەستا مەولەوی تاوگوێزی، دوا ڕۆژەکانی تەمەنی، بە پیری، فەقیری و نابیناییەکی دڵتەزێن گوزەراندوە یا ماموەستای مەزنی ڕۆحیم، حەزرەتی قانع، لە بەر قەناعەتی خۆی بوە بە ئاشەوانی ئاشە ئاوێکی کۆن و ماموەستا مەلا مەعرووفی کۆکەیی، هونەری مەعرووفی موکوریان، لە هۆنراوە بەناوبانگەکەیدا، لە بەر ئاتاجی، لە زمانی ماڵ و مندالیەوە، دەڵێ : "... یەک داوی قەند و چا و یەک داوی ئاوم لێ دەکا ". یانی تەنانەت ئاوی ئاساییشی نەبوە. کەچی، لەگەڵ ئەم زەریا گیر و گرفت و کەسەرەدا، شانازی هۆنەرانی ڕاستەقینە ئەوە بوە، کە گشت کاتێک لە ئاستی ئاوێنەی ڕۆژینی مێژودا ژیاون، نەک لە خزمەت زێڕ و زۆری زورداراندا. قەتیش لە ترسان و لە برسان، برستیان لە دەست نەداوە.

بەڵام نازانم ئەمساڵ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بە وتەی کوردی " ڕۆژ لە کوێوە هەڵاتوە "، کە لە هەر جێگەیەک هەڵبژاردنێک یا شتێکی وا بوە، هۆنەران بردویانەتەوە، بۆ وێنە:

١- لە هەڵبژاردنی شووڕای شاری بۆکاندا، کاک ڕەسووڵ ( شوانە) ، هۆنەری کلاسیک نووسی بۆکان، ، لە نێو نزیکە پەنجا کەسدا، بوەتە نەفەری هەوەڵ.

٢- لە هەڵبژاردنی شوڕای شاری قوڕوەدا، کاک عارف نادری، هۆنەری دلسۆز و خۆشەویستی قۆڕوەیی، بۆەتە نەفەری هەوەڵ.

٣- نووسەری ئەم نووسراوەیەش، کە تەنیا خزمە نزیکەکانی بە هۆنەر و مۆنەری دەزانن، بە بێ ئەوەی تەنانەت خۆی لەو کاتەدا لە ئێران بێ و بەو چەشنە خۆی پاڵاوتە (کاندیا) کردبێ، لە هەڵبژاردنی کۆڕی کوردانی تاران ( K K T) دا، بوەتە ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەرایەتی ئەو کۆڕە.

تێبینی : لێرەدا، من لاسایی کاک عەلی خەندانم کردەوە. کاک عەلی خەندان قسەخۆشی بە ناوبانگی کورد، خەڵکی شاری بۆکان، ڕۆژێک لە تارا ن، لێی دەپرسن : "ئەرێ کاک عەلی لە شاری بۆکان مرۆڤی سەربەدەرەوە کێ هەیە"؟ ئەویش لە وەڵامدا دەڵێ : یەکێکیان حاجی بابەخانە، یەکێکیش حاجی حەمە ڕەشیدە. بە دەمی خۆم نەبێ، دەڵێن یەکێکیشیان من بۆخۆمم. . منیش هەر بەم پێیە، خۆشمم حیساب کردوە.

.

قسە هەزارە و یەکی بەکارە :

| |
|---|
| دڵنیام ئەم ڕووداوە خشپیلانە زلەیە، کە لە باری کەمایەتیەوە زۆر پچووکە، بەڵام لە ڕوانگەی چۆنایەتیەوە زۆر گەورەیە، ئاوێنەی ڕوونی تروسکەی هەستانەوەیەکی مەزنی فەرهەنگیە کە لە |

**ڕۆژهەڵات روی داوە، بۆیە خەڵکەکە سەرنجی تایبەتیان داوەتە تاقمی هۆنەر و ناوی ئەمساڵیان ناوە " ساڵی هۆنەر" !**

.

**دیارە برووسکەش هەر لە ترووسکە پەیدا بوە !**

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە دەربڕینی بیروبۆچونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.

www.kurdistannet.org کوردستان نێت